پرۆفیسۆر مارتن سلان. پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری بەشی زانستە
کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی مایکۆن ستایت لە ویلایەتی جۆرجیای ویلایەتە یەکگرتووەکان

# ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بەڕاستی بیەوێت دیموکراسیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبکاتەوە، پێویستە لە کوردەوە دەست پێبکات

**پێمان باشە لە سەرەتادا نیشانە بە بڵاوکراوەکەت بدەین کە دەمێک نابێت لە مەڵپەڕی www.ajc.com بڵاوکرایەوە بە مانشێتی "ئەمریکا لە ئایندەدا هەر سوودمەندە". لەوێدا تۆ باسی ئەوە دەکەیت کە کوردستانێکی سەربەخۆ لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە. پێمان بڵێ ئەو باوەڕەت چۆن بۆ دروست بوو؟**

وەکوو تۆ دەزانیت، میللەتی کورد گەورەترین کۆمەڵگایە لە جیهاندا کە تا ئێستا وڵاتێکی تایبەتی خۆی نیە و لە دەها ساڵانی پێشوودا خۆی وا نیشانداوە کە لە توانایەتی ببێتە کۆمارێک و دیموکراسیەتێکی تەندروست کە پەیوەندیەکی کەلتووری و بازرگانی و سیاسی قوڵ هەبێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان و من باوەڕم وایە کە پشتگیرکردنی سەربەخۆیی کورد لە بەرژەوەندی ئەمریکادایەو ئێستا کاتێتی. لەبەر ئەوەی ئێراق بەرەو رووخاندن دەچێت، و ئێران بۆ چەندەها ساڵ کوردی چەوساندوتەوە. من باوەڕم وایە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان بەڕاستی بیەوێت دیموکراسیەت بڵاوبکاتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستە لە کوردەوە دەست پێبکات. کورد ئامادەیە و پشت بە ئەمریکایە و دەیەوێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان کاربکات.

**هەمووەمان دەزانین پێشکەوتنی ئابووری مەحاڵە بە بۆ ئاسودەیی و دڵنیایی لە ئاینده. بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێت ئایندەی خۆی مسۆگەر بکات و دوور بێت لە هەر هێرشێک لە وڵاتە دراوسێکانەوە لەوە دەچێت کە پێویست بێت ویلایەتە یەکگرتوەکان بوونێکی هەتاسەری هەبێت لە کوردستاندا، باشتریشە کە بنکەیەکی ئەمریکی سەربازی هەمیشەیی دابمەزرێنێت لە کوردستان. کارێکی ژیرانەیە ئەم هەنگاوە بنێت، لەبەر ئەوەی لە دۆزێکدا ئەگەر وڵاتێکی وەکوو تورکیا هێرش بکاتە سەر کوردستان، ویلایەتە یەکگرتوەکان ناچار دەبێت بکەوێتە نێوانیان. تۆ باوەرت وایە کە حکومەتی ئەمریکا بنکەیەکی لەم چەشنە دابمەزرێنی لە کوردستان؟ یاخود بە رای تۆ بوونی ئەمریکا لە کوردستان بە چ شێوازێک دەبێت؟**

من بۆچوونم وایە ئەوەی پێویستە کە روویدا و ئەوەی کە ئەشبێت ئەمەیە: لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتوەکان هێزە سەربازیەکانی زۆربەی ئێراق دەکشێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە بارودۆخی خراپە و توندوتیژی زۆر تێدایە. بەڵام لە سەر داواکاری کورد هێزێکی مەزن دەهێڵێتەوە لە کوردستان. یەک دوو هێزی سەربازی ئەمریکی هەبێت لە کوردستان دەبێتە هۆی رێ گرتن لە هەر هێرشێک لە لایەن ئەو رژێمانەی کە دژی سەربەخۆی کوردستانن، ئەمەش تورکیا و ئێران دەگرێتەوە. ویلایەتە یەکگرتوەکان کە لەسەر زەوی کوردستان بوو گەرەنتیەکە بۆ وڵاتەکە کە هێرشی ناکرێتە سەر. ویلایەتە یەکگرتوەکان هەمان کاری کرد لە وڵاتی ئەڵمانیا لە ١٩٤٥ و هەروەها لە کۆریا پاش ,١٩٥٣ و من باوەڕم وایە پاش ٢٠٠٨ هەمان کار لە کوردستان دەکرێت.

**لەم خاڵەی خوارەوە؛ ئەگەر کوردستانێکی یەکگرتووی نوێ هاتە دی، بە پێی بۆچوونت، هەڵوێستی تورکیا و ئێران چی دەبێت؟**

هەردووکیان دڵگران دەبن. بەڵام ئەوەی کە پێویستە باس بکرێت سەبارەت بە تورکیا ئەوەیە کە ئەو هاوپەیمانێکی ئەمریکایە، و ئەندامی ناتۆیە و تاکە وڵاتی ئیسلامە لە ناتۆ. ئەمریکا دەبێت بە خێرایی و بە باشی تورکیا دڵنیا بکات کە کوردستانێکی سەربەخۆ لە

باکووری ئێراق، مەترسی نیە بۆ تورکیا و، تورکیا دەبێت بیری خۆی بخاتە سەر چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا. دەبێت سیستەمی سیاسی خۆی دیموکراسی بکات، پێویستە کە هیچ قینەبەرایەتیەک نەهێڵێت بەرامبەر کورد لە وڵاتەکەی. بەم شێوەیە گەرەنتی ئەوە دەکەن کە ناخۆشی نابینن لە ئەنجامی سەربەخۆیی کوردستان. من باوەرم وایە کە کوردستان دەتوانێت دەرفەتی بازرگانی زۆر پێشکەش بە تورکیا بکات . لە بیرت نەچێت کوردستان نەوتی هەیە بە رادەیەکی زۆر نیە بەڵام هەر هەیەتی و ئەگەر تورک بتوانن رێک بکەون لەگەل یۆنانیەکاندا، هەروەها دەتوانێت رێک بکەوێت لەگەل کوردیشدا، بە تایبەتی ئەگەر بیەوێت بە تەواوەتی یەک بێت لەگەل یەکێتی ئەوروپا .

**تۆ باوەڕت وایە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان کوردستانێکی یەکگرتوو بێنێتە دی کە بریتی بێت لە کوردستانی باشوور (ئێراق) و کوردستانی رۆژئاوا (ئێران) ؟**

باوەر ناکەم بەم زوانە درووست بێت. بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکان ئاگادار دەکرێتەوە لە لایەن دەزگا زانیاریەکانی کە ئێراق وا دەڕووخێت و ئێران زۆر دژوارە. باشترین شت کە ویلایەتە یەکگرتوەکان بیکات پاڵ پێدانە بە پارچە پارچە بوونی ئێران و ریگا بدات بە کوردەکان لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران کە بڕن بە یەک لەگەل براکانیان لە باکووری ئێراق. ماوەیەکی دیکەش حکومەتی ئەمریکا دێتە ئەو باوەڕەی کە کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆ کە خاوەن سنوورێکی پارێزراوە دەبێتە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکا و دەبێتە فاکتەرێکی سەقامگیر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**جەنابت دەڵێیت کە ئەم کارە لەم نزیکانە روونادات. بەڵام پێشتر تۆ دەڵێیت شتێک لەم جۆرە پاش ساڵی ٢٠٠٨ دێتە دی. ئایە هیچ بۆچوونێکت هەیە سەبارەت بە کەی سەربەخۆیی کوردستان دێتە دی، بۆ نمونە ٥ ساڵ ١٠ ساڵ، پێشبینیت چییە ؟**

مرۆڤ تەنها دەتوانێت بۆچوونی خۆی دەربرێت، من پێغەمبەرێک نیم، بەڵام من دەڵێم کوردستانێکی سەربەخۆ لە ماوەی دە ساڵ دێتە دی. بەڵام ئەوەی ناتوانم بیلێم ئەوەیە ئایە کوردستان چەند گەورە دەبێت؟ لەگەل رێزم، کورد خۆیان دەبێت هەندێک خۆیان بگونجێنن. ئەوان کوردستانی مەزنیان دەست ناکەوێت. دەبێت قایل بن بە ژیان گوزەراندن لەگەل تورکەکان و لەگەل ئێراق. ئەمەش پێویستی بە دان پیانان دەبێت، ئەمەش بەدەستەوەدانی ناوچەیی دەبێت.

**لەم خاڵەی خوارەوە؛ تۆ باوەڕت وایە کە کەرکوک دەبێتە بەشێک لەم کوردستانە نوێیە یان نا ؟**

من باوەرم وایە کە دەبێت بەشێک بێت لە کوردستان. ئەگەر تۆ تەماشای نەخشەکە بکەیت؛ کوردستان ئەگەر ببێتە وڵاتێکی تەواو و سەرتاپا، دەبێت بریتی بێت لە سی ناوچەکەی باکوور و دەبێت کەرکوکیشی لەگەڵدا بێت. ئەگەر لە مێژوودا بگەرێیتەوە، کەرکوک بۆ ماوەیەکی زۆر کوردی بوو. دوایی لە کاتی سەدام حوسێندا تەعریب کرا. من باوەڕم وایە کە کەرکوک بەشێکی سەرەکی و سروشتیە لە کوردستان.

**بۆچی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ئیستادا خۆی دوور دەخات لە پشتگیرییەکی تەواوی کوردستان؟ بە تایبەتی کە کوردستان تەنها هاوپەیمانێتی (بێ لە جوولەکە) ؟**

لەبەر ئەوەی حکومەتی ئەمریکا لەم پەنجا ساڵەی پێشوودا گوێی نەگرتوە لە کەسە شارەزاکان. من زۆر شارەزا نیم لەسەر کوردستان، زمانی کوردی نازانم و زۆر شارەزای مێژوەکەتان نیم. بەڵام گوێیان لە شارەزاکان (کە قسەم لەگەڵ زۆربەیان کردوە) نەگرتوە کە لە سەرەتاوە دەیان گوت لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە پشتگیری سەربەخۆی کوردستان بکرێت و دەبێت واز لە دۆزی پشتگیری دەوڵەتی ژێرکەوتو بکەین. وەکوو ئێراق. بە کورتی ئێراق دەوڵەتێکی ژێرکەوتوە، سوریاش هەروەها. کوردستانی سوریا، زیاتر لە کوردستانی تورکیا، ئامادەترە بۆ هاتنە ناو هەرێمی کوردستان. ٢ ملیۆن کورد هەیە لە سوریا و من باوەڕم وایە بەئاسانی دەتوانن خۆیان بخەنە سەر هەرێمی کوردستان. دەبێت واش بێت، چونکە حکومەتێکی دژوارە بەرامبەر کورد و ئەمریکا. دەبێت ئەوان بزانن ئەگەر خۆیان چاک نەکەنەوە تووشی ئەشکەنجە دەبن. و یەک ریگا بۆ گەیاندنی پەیامەکە ئەوەیە ٢ ملیۆن لە کوردەکانی سوریا بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان.

**لە بڵاوکراوکەت تۆ باسی "لوبنانێکی سەربەخۆتر، کوردستانێکی بەهێز و ئازەرستانێک کە بە خۆشحاڵیەوە نەوتمان پێ بفرۆشێت» دەکەین لەوە دەچێت تۆ پێشبینی گۆرانکاریەکی جوگرافی و سنووری گەورە بکەیت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. تۆ باوەڕت وایە کە ئەم گۆرانکاریانە دەرئەنجامێکی هێورکەری هەبێت یان دەرئەنجامێکی پەشێوکەری هەبێت؟**

من باوەڕم وایە کە دەرئەنجامێکی هێورکەری دەبێت. چونکە ئەم دەمە رۆژهەڵاتی ناوەراست پەشێوە . لەبەر ئەوەی چەند نەتەوەیەک هەن لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە تایبەتی کورد، کە چەوسێنراون و بوون بە قوربانی لە سەر دەستی چەند رژێمێکی درندە و ستەمکار و ناخۆشەویست. چ کاتێک کە دیموکراسیەتێک پەیدا بێت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە تایبەتی کە ئیسلام بێت،

**ماوەیەکی دیکەش حکومەتی ئەمریکا دێتە باوەر کە کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆ کە خاوەن سنوورێکی پارێزراوە دەبێتە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکا و دەبێتە فاکتەرێکی سەقامگیر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

* * *

**کوردستانێکی سەربەخۆ لە ماوەی دە ساڵ دێتە دی باوەڕم وایە کە کەرکوک بەشێکی سەرەکی و سروشتیە لە کوردستان**

* * *

**من نازانم بۆچی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئیستاش باوەڕی بە ئەفسانەی سەقامگیری دەوڵەتی هەیە لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست**

وەکوو کورد، پەیامێکی زۆر بەهێز بڵاو دەکاتەوە.

**واتە تۆ باوەڕت وایە کە دەرئەنجامێکی هێوری دەبێت. ئایە کە ئەمە هەندێک وڵات دڵتەنگ دەکات؟ و ئایە کە ئەم وڵاتانە پەنا دەبەن بۆ تیرۆریسم لە دەرئەنجامی پشتگوێخستنیان لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە؟ بۆ نموونە ئەگەر سوریا و ئێران و تورکیا ناوچە کوردستانیەکانیان لێ وەرگیرایەوە. تۆ باوەڕت وایە کە نەیکەن بە هەرا؟ یان هەڵوێستیان توندوتیژ دەبێت بەرامبەر ئەم کارە؟**

ئەوان هەوڵی خۆیان دەدەن، بەڵام کاتێک کە کوردستانێکی سەربەخۆ دێتە دی ئەوان لە دۆزێکی لاواز دەبن. ناوچە و هاوڵاتی و نەوتیان کەمتر دەبێت، بە کورتی بچوک دەکرێنەوە هەتا دەبنە نیوە هێز. ئەمریکا دەتوانێت ئەم هەڕەشەیان لێ بکات؛ ئەگەر نەیانەوێت ناوچە و هاوڵاتی زیاتر بدۆڕێنن (بۆ نموونە ئیران تەنها ٥٠ ٪ی فارسە) دەبێت عاقڵ بن و رێز بگرن لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانەکانی. هەر چەند دژوار تر بن ئەوەندە زیاتر ئەدۆڕێن، بێگومان ئەو پەیامەش زۆر بەڕوونی پێیان دەگات کاتێک کە کوردستان سەربەخۆ دەبێت.

**بۆچی ویلایەتە یەکگرتوەکان تێنەگەیشتوە لەو جیاوازیە گەورەیە کە هەیە لە نێوان کوردستان و ئێراق؟ لە کوردستان سەقامگیری و ئاسوودەیی و بیردۆزی رۆژئاوایی هەیە. بەڵام تەواوی ئەم خاڵانە لە ئێراق نییە . تۆ وا هەست ناکەیت ئەمە یەکێکە لە هۆکانی پاشکەوتنی بەشداریکردنی ئەمریکا لە بووژاندنەوەی کوردستان؟**

بەڵێ من لەگەڵ لە قسەکانتم. من نازانم بۆچی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئیستاش باوەڕی بە ئەفسانەی سەقامگیری دەوڵەتی هەیە لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست، بەڵام لەسەر ئەمە بەردەوامە. دەبێت ئەم بۆچوونە بگۆڕدرێت لەبەر ئەزمونەکەی ئێراق. هەروەها منیش پێت دەڵێم کە ویلایەتە یەکگرتوەکان وەکوو پێویست بەشداری ناکات لە بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان. من پێم باشە ئەمریکا هەموو هاوکاریەکانی لە رۆژهەڵات جەخت بکاتە سەر کوردستان. لەبەر ئەوەی من باوەڕم وایە ئەمە دەبێتە وەبەرهێنانێکی زۆر باش و من هیوادارم کۆنگرس (ئەنجوومەنی پیران) و سەرۆکی ئەمریکا بێنە سەر ئەم باوەڕە. ئەگەر پارەی زیاتر بخەیتە گەر لە کوردستان، کورد بەهێز تر دەبن. هەروەها دەبێت کورد دڵنیایی بدەن بە ویلایەتە یەکگرتوەکان کە (رەنگە تۆ ئاگاداربیت) هەندێک گەندەڵی هەیە لە کوردستان. کاتێک کە مەرجی دڵنیاکەر یان گەرەنتی هەبێت بۆ ئەو پارانەی کە دەدرێت بە کوردستان، ئەمریکا زۆر بەخشندە تر دەبێت لە ئیستا. لەبەر ئەوەی زۆر هەرزان ترە کە ئابووری کوردستان ببووژێنرێتەوە لەوەی کە پشتگیری مانەوەی سەربازی هەمیشەیی بکرێت لە ئێراق.

**بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی یەکجار مەزنی داوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەر بەتایبەتی وەبەرهێنەری ئەمریکی، رابکێشێت. بۆ نموونە؛ جێبەجێ کردنی یاسای وەبەرهێنان، کە کارئاسانیەکی زۆر گرنگە بۆ وەبەرهێنەری دەرەوە تاکوو بێتە ئێرە و وەبەرهێنان بکات. نموونە لە بەندەکانی؛ مافی هەڵگرتنی بەشی شێر لە هەر پرۆژەیەک؛ ئازادی لە گواستنەوەی دراو لە بەینی کوردستان و دەرەوە؛ تەرخانکردنی زەوی بە نرخێکی سیمبۆل بۆ وەبەرهێنەر ئەگەر پرۆژەکە لە چەشنی وەبەرهێنان بێت. ئەم خاڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستی راکێشانی وەبەرهێنەری دەرەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەولێکی داوە بۆ دابین کردنی کەشێکی سەقامگیر و ئاسوودە، بۆ ئەوەی باشتر پێشوازی بکات لە وەبەرهێنەر تاکوو بێت و دراو بخاتە وڵاتەکە. و بە هۆی ئەوەی کە کوردستان و ئێراق بەگشتی وڵاتێکە کە ئێستا پەرەی نەسەندوە زۆربەی ژێرخانی کەرتەکانی وەکوو ئاو، وزە، نیشتەجی بوون، کشتوکاڵ لە ئاستێکی سەرەتاییە. دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ گەشەپێکردنیان وە لە هەمان کاتدا قازانجێکی گەورەی تێدایە. بۆیە تۆ باوەڕت وا نیە ئاسانکاریەکی تەواو کرابێت تاکوو وەبەرهێنەری دەرەوە وە بەتایبەتی ئەمریکی بێنە ئێرە؟**

قسەکانت زۆر راستە. منیش ئاگادارم نەرویجیەکان و بەریتانیەکان ئیستا وەبەرهێنان دەکەن لە کوردستان. بەڵام من وا بۆی دەچم کە یەکێک لە کێشەکانی کورد ئەوەیە (ئەمەش تاوانی کوردی تێدا نیە) کە پێویستیان بەوەیە هەندێک کەسانی شارەزا بدۆزنەوە لە بواری پەیوەندیە گشتیەکان تاکوو نوێنەرایەتی ئەجێنداکەیان بکەن لە ئەمریکا. ئەگەر قسە لەگەل هەر ئەندامێکی کۆنگرس بکەیت، باوەڕت بێت قسەم لەگەڵ زۆریان کردوە، کەسیان تێگەیشتنیان نیە لەسەر کوردستان. ئەمانە کەسانێکی نەفام نین، تەنها ئەوەیە زانیاریان نیە لەسەری. هەندێکیشیان ناشزانن کوردستان لە کوێیە. لەگەل رێزم حکومەتی کوردستان دەبێت وەبەرهێنان بکات لە کۆمپانیاکانی پەیوەندیە گشتیەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، هەتاکوو لۆبیەک بۆ پشتگیری کورد دروست بکرێت لە واشنتۆن رەنگە ئێوە ئەوەتان هەبێت، ئەگەر وایە، زۆر شەرمنە، چالاکیەکی وای نییە ئێوە پێویستان بەوەیە

یەکێک لە کێشەکانی کورد ئەوەیەپێویستیان بەوەیە هەندێک کەسانی شارەزا بدۆزنەوە لە بواری پەیوەندیە گشتیەکان تاکوو نوێنەرایەتی ئەجێنداکەیان بکەن لە ئەمریکا. ئەگەر قسە لەگەڵ هەر ئەندامێکی کۆنگرس بکەیت، و باوڕت بێت قسەم لەگەڵ زۆریان کردوە، کەسیان تێگەیشتنیان نیە لەسەر کوردستان. ئەمانە کەسانێکی نەفام نین، تەنها ئەوەیە زانیاریان نیە لەسەری هەندێکیشیان ناشزانن کوردستان لە کوێیە

خۆتان بگەینە ناو ژوورەکانی ئەندامانی کۆنگرێس، هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری و قسەیان لەگەڵ بکەن تاکوو ئاگادار بن کە ئێوە هەن، و ئاگاداریان بکەن کە دۆستایەتی ئەمریکاتان دەوێ. من چەشنێکم لەمە بینیوە بەڵام زۆر کەمە. وە بەڕاستی دەبێت بگۆڕدرێت ئەگەر هەنگاو بنرێت بەرەو پێشەوە بۆ سەربەخۆبی کوردستان و وەبەرهێنان لە دەرەوە.

**تۆ باسی خاڵێکی گرنگ دەکەیت کە رەنگە سوودی زۆر هەبێت؛ دانانی کەسانی شارەزا لە پەیوەندیە گشتیەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکان تاکوو لۆبی دروست بکەن لە واشنتۆن. ئەگەر ئەمە بکرێت چەند کاتی دەوێت و چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر کوردستان؟**

من باوەڕم وایە کە کاریگەریەکی بەهێزی دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا. لەبیر نەکەیت ویلایەتە یەکگرتوەکان هەموو ٢ساڵێک هەڵبژاردنی هەیە. لەو سیاسەتمەدارانەی کە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ کۆنگرس، یان بۆ سەرۆکایەتی هیچیان ئەو بیرۆکەییان بۆ نەهاتوە؛ ئێمە پێویستە هێزەکانمان دەربێنین لە ئێراق، ئینجا با ئێراق لە بیر بکەین و جەخت بکەینە سەر کوردستان. رێگایەک بۆ ئەوەی کوردەکان هاوکاری خۆیان بکەن؛ گفتو گۆی زیاتر بکەن لەگەل جولەکە. جولەکەکان دەزانن چۆن بگەنە لای ئەندامانی کۆنگرس، ئەوان یەکێک لە بەهێزترین لۆبیەکانیان هەیە لە واشنتۆن. وە منیش دەزانم کە جولەکەکان هاوکاری کورد دەکەن، بەڵام توانایان کەمە لەبەر ئەوەی سەروەت و سامانیان زۆر نیە. گرنگە بە بێدەنگی پەیوەندی لە نێوان کورد و جولەکە گەشەی پێ بدرێ. وە لە بەرژەوەندی جولەکەکانە کورد سەربەخۆ بن. زیاد لەوەش ئەوان کاریگەریان هەیە بەسەر سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکان و هەر کەسێک لە دوایەوە بێت.

**تۆ باسی گرنگی هەڵبژاردن و ئەجێندای هەڵبژاردن دەکەیت. شێوازی حکومەتی ئەمریکا؛ کە دیموکراسیەتێکی لیبرالیە دوو ساڵ جارێک کۆنگرس هەڵدەبژێردرێت و چوار ساڵ جارێک سەرۆک هەڵدەبژێردرێت. تۆ باوەڕت وانیە کە ئەمە لە خودی خۆیدا رێگرێکە؟ لەبەر ئەوەی ناتوانێت سیاسەتێکی درێژ خایەنی دەرەوە دانێت کە پەیوەندی نەبێت بە ئەجێندای هەڵبژاردنەکان. تۆ باوەڕت وایە کە سیاسەتی دەرەوە و بیردۆزی وڵاتی ئەمریکا دەگۆڕدرێت هەر جارێک حکومەتێک هەڵدەبژێردرێت؟**

ئەمە خاڵێکی زۆر باشە. بەڵام من دەڵێم (دوبارە ئیسرائیل دەهێنین وەک نمونە) لەم ٦٠ ساڵەی رابردوودا هەر پارتێک کۆنترۆڵی کۆنگرێس یان سەرۆکایەتی کردبێت، ئیسرائیل بە بەردەوامی پەیوەندی لەگەل ئەمەریکا زۆر باش بووە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای جولەکە گەورەیە لێرەو، و ویلایەتە یەکگرتوەکان هەمیشە ئیسرائیلی بینیوە وەک هاورێیەکی کەلتوری و دیموکراسی. دووبارە من باوەڕم وایە دەبێت کوردەکان بە هەمان شێوە وا گوزارشت بکرێت، زۆر کەس هەتا ئیستا نازانن. دووهەم کەوا دەیانەوێت نزیک ببنەوە لە ئەمریکا و دەیانەوێت هاوکاری ئابوری ئەمریکا وەربگرن. بەڵام ئەمە دەبێت پاداشتی هەبێت بۆ ئەمریکا نەک بەس لە نەوت، بەڵام لە پەیوەندی بازرگانی دیکەش و هەروەها کوردستان خۆی پیشان بدات کە دەبێت دیموکراسیەتێکی دروست پیادەکات. من گوێم لە سیایەسەتمەدارێکی کورد بوو (کە ناویم نایەتە یاد) وتی کە ئەوان دەیانەوێت بەقەدەر جولەکە نزیک بن لە ویلایەتە یەکگرتوەکان. ئەگەر بتوانی ئەو پەیامە بگەێنیت بە حکومەتی ئەمریکا سەرکەوتوو دەبیت، ئەگەر هەر پارتێک کۆنترۆڵی کۆنگرس یان سەرۆکایەتی بکات.

**پێ دەچێت کە بەشێک لەو بەرپرسیارێتییە لەسەر میدیای ئەمریکا بێت. و لەوە دەچێت لە هەر شوێنێک کێشە هەبێت میدیا را بکات بۆ ئەوی. نەک ئەوەی بچێتە ئەو شوێنەی کە سەقامگیر بێت. هەواڵ زۆرە لەسەر تەقینەوە، بۆمبی مینرێژکراو، کوشتنی سەربازی ئەمریکی لە بەغدا، دەورو پشتی و باشور. بەڵام هەواڵ لەسەر کوردستان کەمە. وا دیارە بەشێک لە سەرکەوتنمان ئاگاداری میدیایی ئەمریکی بێت لە کوردستان و چەند سەقامگیرە و چەند جیاوازە لە ئێراقی خوارەوە. چۆن ئەم ئەنجامەمان دەستکەوێت، وە بۆ چی میدیای ئەمریکی بە پێی پێویست باسی کوردستان و ئیجابی کوردستان ناکات؟**

من باوەڕم وایە کە هۆکانی ئەوەیە کە باست کرد. هەواڵی خراپ ئەوەیە کە میدیا دەیەوێت لەسەر شەپۆلەکان بڵاوی بکاتەوە. کوردستان چیرۆکێکی سەرکەوتووە، بەڵام کەم کەس پێی دەزانێت. سەرکردە کوردەکان، چ سیاسی یان ئاینی یان هەردووکیان بن، پێویستە بڕۆن بۆ شوێنانی دانیشگاکان. پێویستە پەیوەندی بە کەناڵی Fox News و CNNبکەن و ئاگاداریان بکەن کە ئامادەن بۆ چاوپێکەوتن. پێویستە لە واشنتۆن لۆبی بکەن، پێویستە کە بگەنە لای قوتابیە کوردەکان لە دانێشگا ئەمریکیەکان، و کۆمەڵگا کوردیەکان لە ئەمریکا. من دەزانم چەند دانەیەکی بچوک هەیە. دەبێت پاڵیان پێوە بنرێت خۆیان بگەێینە میدیاکانی دەوری خۆیان و نامەیان بۆ بنوسن و پاش

**حکومەتی کوردستان دەبێت وەبەرهێنان بکات لە کۆمپانیاکانی پەیوەندیە گشتیەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، هەتاکوو لۆبیەکی پشت بە کورد دروست بکرێت لە واشنتۆن ئێوە پێویستان بەوەیە خۆتان بگەینە بە ناو ژوورەکانی ئەندامانی کۆنگرس هینی هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری**

**رێگایەک بۆ ئەوەی کوردەکان هاوکاری خۆیان بکەن؛ گفتو گۆی زیاتر بکەن لەگەل جولەکە. جولەکەکان دەزانن چۆن بگەنە لای ئەندامانی کۆنگرس، ئەوان یەکێک لە بەهێز ترین لۆبیەکانیان هەیە لە واشنتۆن**

ئەوە بگەنە میدیاکانی گشتی ولات. میدیاکان وەلام دەدەنەوە، بەلام هەولی زۆر دەوێت. ئەمە دەکرێت. هەندێک خالی گرنگ دەبێت بخرێتە پێش چاو، بۆ نمونە، ٨٠٪ی کوژراوبریندارە ئەمریکیەکان تەنها ٣٠ میل لە ناو بەغداوە دورە، کوژراوبریندار نیە لە کوردستان. ئەمە ئەزمونێکی باشە، بەلام ناگاتە لای میدیای ئەمەریکی، دەبێت بگەیەنرێتە پێش چاوی میدیا.

**راستە، شتێکی باشیش دەبوو، ئەگەر میدیا زیاتر بهاتایە کوردستان، بەلام ئەمە دوورمان دەکاتەوە. پاش جەنگی جیهانی دووەم، پلانێکی ئابووری زۆر سەرکەوتوو هەبوو مارشال پلان (Marshal Plan) کە هێشتی ئەوروپا لەسەر پێی خۆی راوەستێ. ولاتەکانی ئەوروپا توانیان سوود وەرگرن لەم پلانە. و نزیکەی ١٥ بلیۆن دۆلار، کە بۆ ئەو کاتە زۆر بوو، تەرخان کرا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا و تاکو نەکەوێتەوە ئەزمونی ناخۆشی کاتی جەنگ. تۆ لەو باوەرە نیت، پلانێکی بەم جۆرە زۆر سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر لە کوردستان و لە ئێراق جێبەجێ بکرێت، و هەروەها لەو ناوچانەی رۆژهەلاتی ناوەراست کە پێویستی پێیەتی؟**

بێگومان، ئیسرائیل نزیکەی ٣ بلیۆن دۆلار سالانە وەردەگری لە ئەمریکا، و ئەوان بۆ ئەنجامی باش بەکاریدەهێنن. ئەگەر تەماشای بودجەی فیدرالی ئەمریکی بکەیت نزیکەی ترلیۆنی دۆلارە. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان ٣ بلیۆن دۆلار بخاتە ناو کوردستان، کە نزیکەی ٥ تا ٦ ملیۆن کەسە، کاریگەریەکی زۆری دەبێت. ژێرخانەی ئابوری پێی دروست دەبێت، رێگا و بان و قوتابخانە و خەستەخانەی باشتر دەبێت و لە ئەنجامدا ٦ ملیۆن کورد لە ئەمریکا رازیتر دەبێت. شتێکی دیکە هەیە لە گۆرێ، بگەرێینەوە سەر پرسیارەکەی پێشوت، شتێک هەیە کە دەبێت باس بکرێت. هیچ توندرەوی ئیسلامی نیە لە کوردستان؛ چەشنێکی ئیسلامی ناوەندی تێدایە. ئەم ئەزمونە پێویستە کە بلاو بکرێتەوە؛ ئەمە ولاتێکی عەرەب نیە کە رەقی لە ئەمریکا هەبێت. ئەمە ولاتێکی توندرەوی ئیسلام نیە کە دوژمنایەتی ئەمریکای بوویت. ئەمە کۆمەلگایەکی ناوەندی، ئیسلامی سوننەی، نا عەرەبە، کە دەستی هاوپەیمانی بۆ ویلایەتە ئەکگرتوەکان درێژ کردوە.

**لە بلاوکراوەکەت خالێکی گرنگ باس دەکەیت، لەسەر ئەوەی لە ئایندە چی بەسەر ئێراندا دێت. تۆ باوەرت چیە: ئایە ئەمریکا هێرشی سەربازی دەکاتە سەر ئێران، یان پەنا دەبات بۆ رێگایەکی دیکە، ئەگەر واش بێت ئەم رێگایە چی دەبێت؟**

بەلێ ئەمە سەرنج راکێشە و من بە دلنیایی وەلامەکە نازانم. بەلام من پێش دوو هەفتە لە ئیسرائیل بوم و قسەم لەگەل کەسێک کرد کە نامەوی ناوی بلێم (لە شوێنێکی بەرز بوو). بەلام ئەو وتی کە ویلایەتە یەکگرتوەکان هانی ئیسرائیل دەدات کە بیر لە چەند رێگایەک بکات بۆ هێرش بردنە سەر ئێران. بەلام لە راستیدا، جولەکەکان دژی ئەمەن، ئەوان نایانەوێت هێرش بکەنە سەر ئێران تەنها ئەگەر زۆر پێویست بێت. بەلام لەوە دەچێت کە حکومەتی ئەمریکا پشتگیری ئەمە بکات. من ناتوانم پێشبینی ئایندە بکەم. بەلام ئەگەر چاوی رژێمی تەهران بخەیتە سەر ئەوەی کە وا خەریکە بەشێک لە ناوچە و هاوولاتیانی ئەدۆرێنێت؛ لەو کاتەدا بەخێرایی قایل دەبن بە مەرجەکان. ئەو کاتە دەلێن رەفتاریان دەگۆرن و واز دەهێنن لە چەکی ئەتۆمی، تەنها ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان دەست لە لەیەکبوونەوەی ولاتەکە هەلبگرێت. لێرەدا ئێمە کەرەستییەکی زۆر باشمان هەیە کە دەتوانین بەکاری بێنین دژی رژێمەکانی تەهران و دیمەشق، تەنها ئەگەر ئێمە سوودی لی وەربگرین.

**بەلام تۆ باسی ئەوەت نەکرد چۆن ئەم کەرەستەیە بەکار بهێنرێت و چۆن ئەم کارە دەکرێت. ئایە ئەمە تەنها ئاگادار کردنەوەی رژێمی ئەحمەدی نژاد کە "ئەگەر هەیە ئەو نەتەوانەی ناو ئێران راپەرن دژی تۆ" یان ئەمریکا و ئیسرائیل شتێکی داریکراو تر دەکات؟ ئایە چی لە کایەدایە، بۆ نمونە پشتگیری ئۆپۆزسیۆن؟**

بەلێ، لە بلاوکراوەکەم من باسی دەکەم ویلایەتە یەکگرتوەکان پێویستە پشتگیری ئێرانیەکان بکات کە لە دەرەوەی ولاتن، دەبێت پشتگیری حکومەتێکی ئاوارە بکات. رژێمی تەهران زۆر ناپەسەندە لە نێوان خەلکی ئێراندا. هیچ هۆیەک نیە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەلدا بکرێ، یان درێژە بدرێت بە مانەوەی. زۆر ستەمکار و دڕندەیە. لەگەل هاوکاری کورد و نەتەوەکانی دیکە، ئەمە دەرفەتێکی رەخساوە تا ئەم شێرپەنجەیە هەلکەنرێت لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئەمەش رژێمی ئەحمەدی نژادە. من باوەرم وایە کە ئەمە بە بێ شەر دەکرێت، بە پشتگیری لەیەکبوونەوەی نەتەوەکان. ئێران وەکو سوریا دەولەتێکی ژێرکەوتووە. ئەمە دەرفەتێکە بۆ کورد هەتا کۆمارێکی دیموکراسی دابمەزرێنێت، بە هاوکاری و پشتگیری ویلایەتە یەکگرتوەکان. ئەمە رۆژ هەلاتێکی جیاواز دەهێنێتە دی.

**تۆ باوەرت وایە کە رژێم گۆرین لە ئێران هەر دەبێت؟**

**٨٠٪ ی کوژراوبریندارە ئەمریکیەکان تەنها ٣٠ میل لە ناو بەغداوە دورە، کوژراوبریندار نیە لە کوردستان. ئەمە ئەزمونێکی باشە، بەلام ناگاتە لای میدیای ئەمەریکی، دەبێت بگەیەنرێتە پێش چاوی میدیا**

**ئیسرائیل نزیکەی ٣ بلیۆن دۆلار سالانە وەردەگری لە ئەمریکا ئەگەر تەماشای بودجەی فیدرالی ئەمریکی بکەیت نزیکەی ترلیۆنی**

بەڵێ، من باوەڕم وایە هەر ڕوودەدات، ئەمەش هەر چەند زووتر بێت باشترە. واش باشە کە ئەمریکا پشتگیری ڕژێم گۆڕین بکات. لەبیرت نەچێت کە ئێمە کۆتاییمان بە ڕژێم هێناوە لە ئەفغانستان و ئێراق. هیچ هۆیەک نیە هەمان کار نەکەین لە سوریا و ئێران. بەڵام من باوەڕم وا نیە کە بە هەمان شێوە بکرێت کە لە ئەفغانستان و ئێراق کرا. دەبێت ئێمە بە نهێنی بیکەین و بە بی جەنگ، بەبێ ئەوەی زیانی مرۆیی ببێ. ئەمە بە ئاسانی دەکرێ کاتێک کە پشتگیری لەیەکبوونەوەی نەتەوەکان بکەین و ناخۆشەویستی ڕژێمەکانی خوارەوە زیاد بکەین.

**تۆ باوەڕت وایە ئەمریکا بتوانێت بەدوای ئەم هەموو شەڕانە ڕابکات؟ کاڵەکێکی زۆری لە یەک دەستدا نیە؟ کە لە لایەکەوە خەریکی ئەفغانستان، لە لایەکی ترەوە خەریکی ئێراقە، لە لایەکی تریشەوە سەرقاڵی کێشەکانی نێوان جولەکەکان و فەلەستینیەکان. ئایە کە ئەمریکا توانای خۆی دەزانێت، یان بەردەوام دەبێت لە جەنگی دژی تیرۆر و (وەکوو جۆرج بوش دەڵێت) تەوەری خراپە، هەتاکو دەگاتە ئەنجامی خۆی بێ ئەوەی سنووری توانای خۆی لە پێش چاو بێت؟**

من باوەڕم وایە، ڕەنگە زۆر کەس هەمان بیری نەبێت، کە ئەمریکا توانای ئەو کارانەی هەیە. لەبیرت نەچێت ئەمە وڵاتێکە ٣٠٠ ملیۆن کەسە و چوارەمین گەورەترین ئابووری جیهانی هەیە، ئەمانە هەموی لێرەن و پێشکەوتوترین تەکنەلۆژیا و هێزی سەربازیە. ئەم کارانە هیچیان بۆ ماوەی نزیک نیە، هیچیان ئاسان نییە. بەڵام ئەم کارانە نابێت مشت و مڕی لەسەر بکرێت، هەر دەبێت بکرێت. هیچ چارەیەکی دیکەمان نیە. تەهران و دیمەشق بەشداری و پشتگیری تیرۆری نێودەوڵەتی دەکات. ئەمانە دوژمنەکانمانن، ئەمانە دوژمنە سوێند لەسەر خوراوەکانی ئێمەن و ئێران بە یاسایی شەڕی لەسەر ئەمریکا ڕاگەیاند کاتێک کە چوونە سەر باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تاران لە ساڵی ١٩٧٩ بۆیە ئێمە لە شەڕداین و دەبێت جەماوەری ئەمریکا ڕابن لە خەو و تێبگەن.

**بەڕێز پرۆفیسۆر، لەوە دەچێت تۆ لایەنگری حکومەتی بوش بیت، تۆ چ باوەڕێکی سیاسیت هەیە، ئایە کە تۆ پشتگیری چ پارتێک دەکەیت؟**

من لە زۆربەی ژیانمدا دیموکراتی بووم. بەڵام لە ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١، بیردۆزە سیاسیەکانی من زۆر گۆڕان. من جاران باوەڕم بەوە بوو کە دەکرێت لەگەڵ هەموو کەسێک دابنیشین و گفت و گۆ بکەین تا کێشەکانمان چارەسەر بکەین. من چی دی ئەم باوەڕەم نەماوە. من باوەڕم وایە ئەگەر گرووپێک یان کەلتورێک هەبێت کە بیەوێت گشتی کۆمەڵگاکەت و کەلتورەکەت بروخێنێت؛ مانای ئەوەیە کە ئەم دۆزە لە قسەکردندا نییە. بە هەڵە لێم تێمەگە؛ حکومەتی بوش هەڵەی زۆر و بۆری کردوە، بەڵام حکومەتی بوش لەم کاتەدا، زیاتر لە پارتی دیموکراتی، تێدەگات کە ئەم وڵاتە لە جەنگێکی مانەوە دایە و پێویستی بە هاوپەیمانە لەهەر شوێنێک کە بیدۆزێتەوە. ئیسرائیل یەکێکە لەمانە، من بە دڵەوە باوەڕم وایە کە کوردستانیش دەبێت ببێتە هاوپەیمانێکی گرنگی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دەبێت بزانێت کە لەو ناوچەیە هاوپەیمانی باشمان نیە. بۆیە وای دەزانم کە ویلایەتە یەکگرتوەکان و کوردستان سودێکی زۆریان دەبێت بۆ یەکتری.

**کاتێک کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دێت، ئێمە نازانین کۆماریەکان دەبێت یان دیموکراتەکان، تۆ باوەڕت وایە کە ئەمریکا هەرگیز بەردەوام دەبێت لە پشتگیرکردنی کوردستان؟**

بەڵێ ئەگەر کورد هەوڵ بدات بۆ پێشخستنی ئەزموونەکەیان لە بەردەم ڕای گشتی. وەکوو هەردووکمان ئاماژەمان پێدا؛ میدیا لە لایەن تۆوە، هەوڵی لۆبی کردن لە لایەن منەوە. ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی ئەمریکا گرنگە. هەموو کەسێک دەزانێت کە ئیسرائیل لێرەیە، و هەموو کەسێک دەزانێت کە ئیسرائیل هاوپەیمانێکی زۆر باشە. کەسێکی زۆر کەم دەزانێت کە کوردستان لێرەیە و کە دەیەوێت ببێتە هاوپەیمانی ئەمریکا.

**واتە لەوە دەچێت کە پشتگیری ئەمریکا هەبێت، بەڵام دەبێت ڕابکێشرێت. بە پێی پێویست ئەجێندای کورد لە پێش چاوی خەڵکی ئەمریکا نیە. ئەگەر ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەڵستین، تۆ باوەڕت وایە ئایندەی کوردستان پرشنگدار دەبێت؟**

بەڵێ. ئەم وڵاتە برسیەتی بۆ کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێ لە ئیسرائیل، کە بڵێت "ئێمە ئەمریکیەکانمان خۆشدەوێت، ئێمە دەمانەوێت نزیک بین لە ئەمریکاوە، و ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆ بین لە ژێر سێبەری ئەمریکا ئەگەر پێویست بوو." ئەگەر بتوانیت ئەم پەیامە ڕابگەیێنی، من باوەڕم وایە کە زۆر بەباشی وەردەگیرێ. لێرە برسێتیەک هەیە بۆ ئەوەی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێمەی خۆش بوێت. ئەوانەش زۆر کەمن،و ئەگەر کورد خۆی بێنێتە پێشەوە و بڵێ ئێمە ئەمریکامان بە دڵە و حەز دەکەین لەگەڵ ئەمریکا کار بکەین. ئەمە کاریگەریەکی زۆر باشی دەبێت.

**پرۆفیسۆر مارتن سلان، سوپاست دەکەین بۆ تەرخانکردنی کاتت و قسەکردنت لەگەڵ ئێمە. دوا وتەیەکت هەیە؟**

دەمەوێت سوپاست بکەم بۆ چاوپێکەوتنت لەگەڵ مندا، هیوادارم کە قسەکانم سودێکی هەبێت. دەمەوێت بڵێم کە کورد میللەتی ئایندەیە، مێژوویەکی زۆریان لە پشتە، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. من باوەڕم وایە کە سەربەخۆ دەبن، دەبنە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکا. هیوادارم لە ژیانی مندا ئەمە بێتە دی.

**لەبیرت نەچێت کە ئێمە کۆتاییمان بە ڕژێم هێناوە لە ئەفغانستان و ئێراق. هیچ هۆیەک نیە هەمان کار نەکەین لە سوریا و ئێران. بەڵام من باوەڕم وا نییە کە بە هەمان شێوە بکرێت کە لە ئەفغانستان و ئێراق کرا. دەبێت ئێمە بە نهێنی بیکەین و بە بی جەنگ، بەبێ ئەوەی زیانی مرۆیی ببێ**